سەرکی هەرەمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی سەناتی ئەمریکا کۆبووەوە

سەرکی هەرەمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی سەناتی ئەمریکا کۆبووەوە. بەپێی راگەیەندراوی سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان، شاندەکە بەردەوامیی پشتگیریی ئەمریکای بە عێراق و هەرەمی کوردستان دووپات کردووەتەوە.

بەیانیی ئەمڕۆ شەممە 04-05-2024 نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی سەناتی ئەمریکی کرد، کە لە سیناتەر جێنی ئێرنتس و سیناتەر تێد باد و ژمارەیەك لە یاوەرانیان پێکهاتبوو.

سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان لەبارەی کێبووندنەوەکە ئاماژەی بە کردووە، بەرەودان بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق و هەرەمی کوردستان، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و دۆخی عێراق و هەرەمی کوردستان بەگشتی، تاوتوێ کران.

شاندەکە، وەکو لە راگەیەندراوەکەی سەرکایەتیی هەرەمی کوردستاندا هاتووە، بەردەوامیی پشتیگریی ئەمریکای بە عێراق و هەرەمی کوردستان دووپات کردەوە و ئاماژەیان بەوە دا، "ئەمریکا وەك هاوپەیمانێك بایەخ و گرنگی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرەمی کوردستان

دەدات." هەروەها ستایشی ڕێی پێشمەرگەیان لە تێکشکاندنی داعش و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی عێراقدا کردووە.

لای خۆیەوە نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی بە بەردەوامیی پشتگیریی سێنات و کۆنگرێسی ئەمریکای لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی و جەختی لە خواستی عێراق و هەرێمی کوردستان بە بەردەوام بە هاریکاریی هاوبەش و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا کردەوە.

چەند پرسێکی دیکەی جێی بابەخی هاوبەش، لە تەوەرەکانی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون، کە بایەزی ئەمریکا لە عێراق و کۆنسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، ئامادەی بوون.